

# چۆن فلاش میمۆری لە ڤایرۆس بپارێزین؟

فلاش میمۆری لەم سەردەمەدا باشترین ئامرازی راگواستن و هەڵگرتنی داتاکانە، کەوایە دەگەینە ئەو ئاکامەش کە دەکرێت ئامرازێکیش بێت بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی ڤایرۆسەکان. کاتێك کە ئێوە فلاش میمۆرییەکەتان دەدەن بەهاوڕێیەکتان دڵنیا نین کە تووشی ڤایرۆس بووە یان نا.

بۆ ئەوەی کە دڵنیابی فلاش میمۆرییەکەت تووشی ڤایرۆس بووە یا نا دەبێت پرۆگرامێکی بچووك کە لەلایەن سایتی smart arab چێکراوە دابەزێنە سەر فلاش میمۆرییەکەت ئیدی ئەوکاتە فلاشەکەت بە شێوەی read only لێدێت، واتە کەسێك ناتوانێ فایلێك دابنێتە سەر فلاش میمۆرییەکەت هەتا ئەوکاتەی تۆ حەز نەکەی. بەڵام دەتوانی لە کۆمپیوتەرەکەی خۆت هەم فایل دابەزێنیت و هەم فایلی بخەیتە سەر.

## ڤایبەر بۆ



# سۆنی و کامێرای ٣٦ میگاپیکسلی

کۆمپانیای سۆنی زیاتر لە نیو سەدەیە چالاکی لە بواری بەرهەمهێنانی ئەلکترۆنی هەیە، هەرچەندە ئەو کۆمپانیای وەك زۆربەی کۆمپانیاکانی دیکە لەم سەردەمەدا خۆیان لە یەك بواردا قەتیس نەکردووە و لە زۆر لایەنەوە چالاکییان هەیە، بەڵام چەند ساڵێك دەبێت کۆمپانیای ناوبراو بەشێکی زۆری ئەرکی کۆمپانیاکەی بۆ بەرهەمهێنانی کامێرای دیجیتالی تەرخان کردووە و هەربۆیە لەو بوارەدا چەند هەنگاوێك لە پێش کۆمپانیاکانی دیکەیەوە. لەم دواییەدا نوێترین کامێرای دیجیتالی بەرهەم هێناوە کە بە کامێرای جۆری Alpha 7R ناسراوە، لەراستیدا ئەو وێنانەی بەم کامێرایە گیراون کوالیتییەکەیان یەکجار بەرزە و هەرچەندە وێنەکانی 36 میگاپیکسلن، بەڵام بەرزبوونی ئاستی کوالیتی بەرزی وێنە تەنیا نەبەستراوەتەوە بە لەسەرێ بوونی رێژەی میگاپیسکل و بەڵکو زووم و فۆکس و کۆنتراکت و..تاد. رۆڵێکی گرنگ دەبینن، بۆیە کامێرای ناوبراو لەلایەنەکانی دیکەوەش گرنگی پێدراوە. هەرچەندە کامێرای ناوبراو هێشتا نەکەوتۆتە بازاڕ، سۆنیش دەڵێت گۆڕانکاریی باشتریشی تێدا دەکرێت بەڵام ئەم ڤێرژنەی کە بۆ تاقیکاریش بەرهەمهاتووە سەرکەوتوویە.





# کۆنسۆلێکی نوێی یاریی ئەلکترۆنی

یاریی ئەلکترۆنی لەم سەدەیەدا نە تەنیا بۆ چینێکی تایبەتی وەك هەرزەکار و منداڵە، بگرە ئەوانەی کەوتوونەتە نێوساڵەوەو بە ساڵدا چوونە یاریی ئەلکترۆنی دەکەن، هەرچەندە یاریی ئەلکترۆنی لەلای ئێمە تەنیا سنووردار کراوە بۆ تەمەنێکی تایبەت، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی جیهان یارییە ئەلکترۆنییەکان تەمەن ناناسن. هەربۆیە رۆژ بەرۆژ هەم یاری نوێ و هەم ئامێری تایبەت بە یاریی ئەلکترۆنی نوێ بەرهەم دێن. لەم ماوەیەدا کۆنسۆلێکی (واتە ئامێرێکی تایبەت بە یاری کردنی ئەلکترۆنی) نوێ بەناوی mad catz MOJO لەلایەن کۆمپانیای mad catzەوە بەرهەم هاتووە. بەشێك لەتایبەتمەندییەکانی ئامێری ناوبراو ئەمانەن:

پرۆسیسەر و سیستەمی خێراییەکەی 1.8 گیگاهێرتزە لە جۆری Tegra 4. رامەکەی 12 گیگابایتە کە بۆ ئامێرێکی یاریکردن گەلێك زۆرە، هاردی ناوخۆی 16 گیگابایتە لەگەڵ بوونی شوێنی دانانی میکرۆ کارد و هەروەها شوێنی کێبڵی HDMI. سیستەمی بلوتوس و وای فای. خوێندنەوەی فلاش میمۆری و جۆرەکانی USB. جێگای ئاماژە پێدانە ئامێری ناوبراو سیستەمی ئەندرۆید دەخوێنێتەوە.

## کۆمپیوتەر

دوای پەرەسەندن و گشتگیر بوونی مۆبایلە هۆشمەندەکان، چەندین پرۆگرامی بە نرخ و بە سوود بۆ پەیوەندی گرتنی بێ بەرامبەر داهێنران، یەکێك لەو پرۆگرامە سەرکەوتووانە پرۆگرامی ڤایبەر (VIBER) کە دەکرێت بەهۆیەوە بەبێ ئەوەی کە هیچ تێچوویەك هەبێت لەگەڵ هەر هاورێیەکەت کە ئەویش ئەو پرۆگرامەی لەسەر مۆبایلەکەی هەبێت بەبێ بەرامبەر قسە بکەی، ئەم پرۆگرامە بۆ کۆمپیوتەریش بوونی هەیە و دەکرێت لەسەر لاپتۆپ یان کۆمپیوتەری دیسکتۆپ دایبەزێنی. چۆنییەتی دابەزاندن و کاراکردنی پرۆگرامەکە ئاوایە.

لەسەرەتادا دەبێت ئەو پرۆگرامە لەسەر مۆبایلەکەت هەبێت، دواتر لەکاتی دابەزاندن و سێتەپکردنی لە کۆمپیوتەردا پرسیارێك دەکات کە ئایا ئەم پرۆگرامە هەیە لەسەر مۆبایلەکەت یان نییە؟ ئەگەر بڵێی نییە ئەو داوات لێدەکات لەسەر مۆبایلەکەت دایبنێی، ئەگەر هەتبوو ئەوە لەو شوێنەی کە بۆ ئەم مەبەستە نووسراوە ژمارەی خۆت بنووسە، دواتر کۆدێك بۆ مۆبایلەکەت دێت کە ئەو کۆدە لە شوێنی مەبەست دابنێ و ئیدی پرۆگرامەکە بۆ کۆمپیوتەر کارا دەبێت. بەڵام تێبینییەك هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەبێت ڤێرژنی پرۆگرامی (VIBER) هەم لە مۆبایل و هەم لە کۆمپیوتەردا یەك ڤێرژن بێت.



# دژە ڤایرۆسێکی نوێ بۆ مۆبایل و تەبلێت

لەم دواییەدا سیستەمی ئەندرۆید بۆتە سیستەمێکی جێگیر بۆ مۆبایل و تەبلێتەکان، لە راستیدا سیستەمەکە گشتگیر و بەرفرە بووە. کۆمپانیای Malwarebytes دژە ڤایرۆسێکی نوێی بۆ هاندەکانی مۆبایل کە بە سیستەمی ئەندرۆید کار دەکەن بەرهەم هێناوە. بەرپرسانی کۆمپانیای ناوبراو رایانگەیاند کە بۆ بەرگری کردن لە جۆرەکانی ڤایرۆس و پرۆگرامە تێکدەرەکان کە لە رێگای ئیمێل و ئەپلکەیشنە تێکدەرەکانەوە دێنە ناو هاودەکانی مۆبایل دژە ڤایرۆسێکیان بەرهەم هێناوە. دژە ڤایرۆسەکە هەم سیستەمی بەرگری هەیە و هەم بەشێوەی ئۆنلاینیش فایلەکان سکان دەکات و لەو رێگایەوە دەتوانێت فایلە تێکدەرەکانی لەسەر تەبلێت و مۆبایلەکانن بسرێتەوە. ئەم دژە ڤایرۆسە بێ بەرامبەرە و دەتوانیت لە سایتی کۆمپانیای ناوبراو دایبەزێنی. بەردەوامیش خۆی نوێ دەکاتەوە و ڤایرۆسی نوێتر دەناسێنێ. زیاتر لە یەك ملیۆن ڤایرۆس بۆ سیستەمی ئەندرۆید دروستکراون و بەهۆی ئەوەی مۆبایلەکان جێگای هەڵگرتنی پاسۆرد و نهێنییەکانی بانکین، هەککەر و ئەوانەی کاری سیخوڕی ئەلکترۆنی دەکەن لە رێگای ئەو ڤایرۆس و پرۆگرامە تێکدەرانەوە دزە دەکەنە ناو مۆبایل و تەبلێتەکان.



# مۆبایلێکی ژیرۆکی دیکە لە جیهانی مۆبایلدا

رۆژ لەگەڵ رۆژ مۆبایلە ژیرۆکەکان شوێنی مۆبایلی کلاسیکی دەگرنـــەوە، ئەو مۆبایلانەی کە لەم هەرێمەدا کریار و فرۆشـــیار بە ویســـتی خۆیان ناویان لێدەنان. دەرکەوتنی مۆبایلە هۆشـــمەندەکان رێگـــری کرد لەو ناولەســـەردانانەی کە تەنیا لـــەم هەرێمەی پێی دەناسران.


مۆبایلی هۆشمەندی Oppo N1 یەکێکە لەو مۆبایلە هۆشمەندانە کە تایبەتمەندییەکـــی جیاوازی هەیە لەگـــەڵ مۆبایلەکانی دیکە ئەویش لە کامێراکەیدایە.

کامێرای لە ناو مۆبایلە هۆشمەندەکاندا رۆڵێکی گرنگ دەبینێ، بەکارهێنـــەر دەیهەوێت مۆبایلێك هەڵبگرێت کـــە تا رادەیەك رۆڵی کامێرای دیجیتالی کەم بکاتـــەوەو مۆبایلێك هەم کامێرایەکی باش بێت و هەم مۆبایلێکی سەرکەوتوو.

مۆبایلـــی جۆری Oppo N1 جیاوازی لەگەڵ مۆبایلەکانی دیکە ئەوەیە کە تەنیا یەك کامێرای هەیە و کامێرای پێشەوەی یان پشتەوەی نییە بەڵکو کامێراکە بەویستی بەکارهێنەرەکەی دەسوورێت و بەکارهێنەر دەتوانێ بە ئاســـانی وێنەی خۆی بە کوالیتی بەرز بگرێت. کوالیتی کامێراکە 13 میگاپیکســـڵە، و لێنزی جۆری F/2.0 هەیە. هەروەها هەستەوەریکی تایبەتی هەیە بۆ وێنەگرتنێکی جوان. بەهۆی لێنزەکە دەکرێت هەتا 10 یا 15 بەرابەر وێنەکە گەورە بکەی. تایبەتمەندییەکی دیکەی مۆبایلە ژیرۆکەکە ئەوەیە کە گەر دەســـت بە پشتی دابێنی و دەکرێت لە ئینتەرنێتدا لاپەڕەیەك بۆ سەرێ و خوارێ ببەی یان کتێبێك کە دەیخوێنیەوە لاپەڕەکانی بۆ خوارێ و ســـەرێ بدەی. بەهۆی شاشە گەورەکـــەی کە 5.9 ئینجە لە ریزی مۆبایلە فەبلێتەکان دەژمێردرێت، کێشی مۆبایلەکە 213 گرامە. رامی مۆبایلەکە 2 گیگابایتە.




## سایتێک بۆ ئەنجامدانی ئەرکی گرافیکی



گـــەر کاری دیزاین و گرافیکی زۆر ئەنجـــام دەدەن و حەز دەکەن لە کارەکانتانـــدا رەنگـــی زۆرتر بەکار بێنن، واباشە سەرێك لەسایتی www.kuler.adobe.com بدەن. لە راستیدا ئەدۆب کولێر، پرۆگرامێکی بەهێزی ئەنتەرنێتییە، کە لەلایەن کۆمپانیای ئەدۆبەوە بەرهـــەم هاتووە. ئەو هەلە بـــۆ بەکارهێنەرانـــی دەرەخســـێنێ کـــە لـــە تێکەڵکردنـــی رەنگەکان رەنگی نـــوێ بەرهەم بێنن، هەروەها هـــەرکام لەو رەنگـــە تێکەڵاوکراوانە توانـــای گونجاندنـــی پێنج رەنگی دیکەشـــیان هەیە. بۆ ئەوەی کە لە خزمەتگوزارییەکانـــی ئەم ســـایتە بەهرەمەند بی پێویســـتە پرۆگرامی adobe flash لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دابەزێنی.

## وێنە و فیلمی سەر مۆبایلەکان لە تەلەڤزیۆن سەیر بکەن



پەیوەندیی نێوان ئامێرە دیجیتاڵییەکان نزیکتر دەبێتەوە، ئێســـتا بە ئاسانی دەکرێت لاپتۆپەکەت لە تەلەڤزیۆن پەیوەند بدەیت و فیلم و وێنەکانی سەر لاپتۆپەکەت لە تەلەڤزیۆن سەیر بکەیت، یان تەلەڤزیۆن وەك شاشـــەی لاپتۆپەکەت دابنێیت. بە پەرەسەندنی مۆبایلە سمارتەکانیش هەوڵدراوە پەیوەندیی نێوان مۆبایل و کۆمپیوتەر یان مۆبایل و تەلەڤزیۆن نزیکتر بێتـــەوە، بۆ نموونە ئامێری جـــۆری HomeSynec کە ئامێرێکە بەهۆیەوە دەتوانرێت وێنە و فیلمەکانی ســـەر مۆبایل لە تەلەڤزیۆن سەیر بکەی، ئەم ئامێرەی سامسۆنگ هەوڵێکە بۆ رکابەریی لەنێوان ئەپل و خزمەتگوزاری ئەپل تیڤی.

ئـــەم ئامێرە کە لەلایەن کۆمپانیای سامســـۆنگەوە بەرهـــەم هاتووە تەنیا لەگەڵ ئامێرەکانی خۆی وەك گەلەکسی S4 و گەلەکسی نۆت 3 کار دەکات.

ئەم ئامێرە تەلەڤزیۆنەکە وەك مۆبایل لێدەکات و مۆبایلەکە وەك ریمۆت کۆنتـــرۆڵ کار دەکات. ئامێـــری ناوبراو لەگـــەڵ 8 ئەکاونتی جۆراوجۆر واتە بۆ 8 مۆبایل لەیەك کاتدا دەگونجێت.

هاردی ئامێرەکە 1 ترابایتە.

# لاپتۆپێکی تایبەت بە کاری دیزاین و گرافیک




بەهۆی ئەوەی کە پارچەکانی لاپتۆپ ناسکن، کەمتر ئەرکی قورسی گرافیکی پێ ئەنجام دەدەن، بـــەڵام لەم دواییانەدا کۆمپانیـــای Lenove لاپتۆپـــی جـــۆری Ideapad z500 بەرهەم هێنـــاوە کـــە تایبەتە بـــە کاری قورسی گرافیکی.

لاپتۆپەکە پرۆسیسەری جۆری ئەنتەل Core i5ی لەسەرە، رامەکـــەی 6 گیگابایتە، بەڵام تەنیـــا ئەم دوو پارچەیە لە لاپتۆپەکـــەدا بەهێز نین، بەڵکـــو چەندین پارچەی بەهێزی دیکەشی تێدایە، یەکێك لەوان کارتێکی شاشەی بەهێزە کە 2 گیگابایتە و دەکرێت بکرێت بە 4 گیگابایتیش کە بەهۆیەوە دەکرێت ســـەخترین کاری گرافیـــك و دیزاینی پێ ئەنجام بدەیت.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکـــی بەڕێز دەپرســـێت، من لاپتۆپێکم هەیە لەگەڵ ئەوەیدا باترییەکەی هیچ تێکنەچووە، کەچی بـــەو جۆرەی پێویســـتە بارگاوی و شـــەحن نابێتەوە، لە هێمای باتری لەلای کاتژمێرەکە نووســـراوە هیچ شەحنی بۆ ناچێت؟ ئەگەر ماوەی چەندین کاتژمێریش لەســـەر کارەبا بێت هۆکارەکەی چییە؟

خوێنەری بەڕێز رەنگە باترییەکەت گرفتی نەبێت، بەڵام ئەو ئامێرەی کە شەحنی دەکاتەوە واتە شەحنکەرەوەکە تووشـــی گرفت بووە و وزە لەخۆی دا رادەگرێـــت، تەنیـــا ئەوەندە وزە دەدات بە ئامێرەکـــە کە نەکوژێتەوە بەمەبەســـتی چارەســـەرکردنی ئەم گرفتە لەســـەرەتادا هەردوو سەری پلاکی شەحنکەرەوەکە واتە (گەرم و سارد)ەکە لە ئاسنێك یان پارچەیەکی گەیەنـــەر بـــدە و کارەباکەی بەتاڵ بێتەوە، ئیدی ئەم کێشەیە چارەسەر دەبێت.

## لە ڕێگای دوورەوە مۆبایلەکەت کۆنترۆڵ بکە

نزیکەی مانگێـــك لەمەوبەر کۆمپانیای گـــوگڵ نوێترین خزمەتگوزاری تایبەت بەو مۆبایلانەی کە دەدزرێن یان ون دەبن بڵاو کردەوە ئەویش سیستەمی Android device manager کە بەهۆیەوە دەکرێت شوێنی مۆبایلەکەت لە هەر جێگایەك بێت بدۆزێتەوە، (بەڵام هەتا ســـاتی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە ئەو خزمەتگوزارییە وڵاتی عێراقی نەگرتۆتەوە). ئەم خزمەتگوزارییە ئەم رۆژانە زیاتر پەرەی پێدراوە و خزمەتگوزاری لە دوورەوە داخســـتن و قفڵکردنی مۆبایلەکەشـــی تێدا گونجێنـــدراوە، بۆ نموونە کاتێك کە مۆبایلەکـــەت ون دەبێت، دەکرێت لـــە رێگای ئەنتەرنێتەوە قفڵی بکـــەی یان ئەو فایل و داتانەی کە لەسەر مۆبایلەکەن بسڕیەوە.

بـــۆ ئەوانەی کە نیازیانە ئەم خزمەتگوزارییە دابەزێننە ســـەر مۆبایلەکەیان دەبێت لەسەرەتادا سەر لە Google settings app بدەن کە لە مۆبایلەکەی خۆیاندا هەیە، پاشـــان فەرمانی allow remote lock and factory reset چالاك بکەن و تا بکرێت بەهۆیـــەوە مۆبایلەکە لە رێگای دوورەوە دابخەی. تەنانەت ئەگەر ئەو کەسەی مۆبایلەکەی دزیوە بیەوێ پاسۆردەکەشت بزانێت دیســـان لە رێگای ئەنتەرنێتەوە دەتوانی پاسۆردەکەی بگۆڕی.



## ئادیداسیش هاتە ریزی بەرهەمهێنانی سمارت کاتژمێر

بەرفـــرە بوونـــی کاتژمێری هۆشـــمەند کە هەمـــووی بۆ چەند ســـاڵێك دەگەڕێتەوە هانی زۆر کۆمپانیـــای داوە کە گەرچی بواری کارکردنیشیان لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالیدا نییە، بەڵام لەم بوارەشـــدا خۆیان تاقیبکەنەوە، وەك کۆمپانیای ئادیداس کە زیاتر کاروبارەکانی کۆمپانیایە تایبەت بەرهەمهێنانی کەلوپەلی وەرزشـــی، کۆمپانیای ناوبراو لەم دواییەدا کاتژمێرێکی هۆشمەندی بڵاوکردۆتەوە بەناوی micoach smart run، کاتژمێری هۆشمەندی ئادیداسیش وەك کاتژمێرە ســـمارتەکانی دیکە سیســـتەمی GPS و هەستەوەری لێدانی دڵـــی تێدایە. دوای ئەوەی کە زانیاریـــی تایبەت بە لێدانی دڵی بەدەســـتهێنا، لەسەر شاشـــەی کاتژمێرەکە نیشان دەدرێت. سیســـتەمی GPSی کاتژمێرە ژیرۆکەکـــە، ئاماری تایبەت بە مەودا و خێرایی بەکارهێنەرانی لەکاتی وەرزشکردن تێدایە. جگە لەوەی راهێنەرێکی وەرزشـــی هۆشمەندیشی تێدایە کە بە سوود وەرگرتن لەو راهێنەرە دەتوانی وەرزشەکانت ئەنجام بدەی.

